# هەندێك لایەنی ڕوونبێژی لە شیعرەكانی شێخ نوری شێخ صالح دا

م.ی . عزالدین صابر محمد
زانكۆی كەركوك/كۆلێژی پەروەردە

## پێشەكی

ئەم لێكۆڵینەوەیە كە بەناونیشانی (هەندێ لایەنی ڕوونبێژی لە شیعرەكانی شێخ نوری شێخ صالح دا). هەوڵێكە بۆدەرخستنی لایەنە ڕوونبێژییەكان لە شیعرەكانی (شێخ نوری)دا . هەوڵمان داوە گرنگترین مەبەستە ڕوونبێژییەكان لای شاعیر رونبكەینەوە وبیخەینە بەردیدی ئەكادیمیستان و خوینەرانی كورد.

هۆی هەڵبژاراردنی باسەكە:

(شێخ نوری) خاوەن بەهرە و توانایەكی تایبەتی بووە، توانیویەتی شارەزایانە سەرجەم هونەرەكانی رووبێژی لە شیعرەكانی دا بەكاربهێنێت و ئەدەبی كوردی پێ دەوڵەمەند بكات، پێم وایە ! تاكو ئیستا لێكۆڵینەوەیەكی ئەكادیمی لەڕووی ڕونبێژییەوە لای (شێخ نوری) نەكراوە، ئەوهەوڵانەی كەدراویشە من لە ئەستوم گرت، كەتایبەت بوو بە لایەنە جوانكارییەكان لە شیعرەكانی (شێخ نوری) دا .

ڕێبازی لێكۆڵینەوەكە :

لەم لێكۆڵینەوەیەدا پەیرەوی ڕێبازی وەصفی شیكاریمان كردووە .

پوختەی لێكۆڵینەوەكە :

ئەم لێكۆلینەوەیە لە پێشەكییەك و دووبەش پێك هاتووە، لەبەشی یەكەمدا ئاماژەمان بە (چەمكی رەوانبێژی و زاراوەی ڕەوانبێژی و ڕونبێژی) كردووە، بەشی دووەمیش لە سێ پار پێك هاتووە، كە تایبەت كراون بە هونەرەكانی رووبێژی لای شاعیر وەكو هونەرەكانی

**(لێكچواندن – خوازە– خواستن – درکە)، لەگەڵ پوختەیەك بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی و لیستی سەرچاوەکان .**

## بەشی یەکەم

## پاری یەکەم : چەمك و زارەوەی ڕەوانبێژی

ڕەوانبێژی خۆی لە خۆی دا، لەو وتە ڕەوان و کاریگەرانە پێك هاتووە، کەخۆی لەگەڵ بارو دۆخی گوێگر دا خۆی دەگونجێنێت، هەڵبەتە مەبەستیش بە ڕەوانی و جوانی دەگەیەنێت، لەهەمانکاتدا چێژیکی لەڕادەبەدەر بەخوێنەر دەگەنێت، زانایان و لێکۆڵەران ڕەوانبێژییان دابەش کردووەبەسەر سێ زانستی سەربەخۆدا، کەئەوانیش زانستی جوانکاری و زانستی ڕونبێژی و زانستی واتا ناسییە، ڕەوانبێژی لەبنەڕتدا سەرجەم ئەوهونەرو یاساو دەستورانە دەگرێتەوە، کە دەبنە هۆی ڕەوانی و ڕازاوەیی و کاریگەریی قسە و پاککردنەوەی لە لێڵی و شێواوی، زاراوەی ڕەوانبێژی لە زمانی کوردی دا لە وشەیەکی لێکدراوە پێك هاتووە، کە لە وشەی ((ڕەوان، کەبەواتای شتی بێ گیرو گرفت لەگەڵ وشەی (بێژ) کە ڕەگە چاوگی (گوتنە) لەگەڵ پاشگری (ی) پێك هاتووە))١.

لەزمانی عەرەبیشدا، وشەی (((البلیغ) بەرامبەر وشەی (ڕەوانبێژ) و وشەی (بلاغە) بەرامبەر وشەی (ڕەوانبێژی) کورد بەکارهاتووە))٢ . هەر لە زمانی عەرەبیدا بەرامبەر زاراوەی ((البلاغە، زاراوەی (الفصاحە – زمانپاراوی یش بەکاردێت))٣، لەئەدەب و زمانی ئینگلیزیشدا بەرامبەر ((زاراوەی ڕەوانبێژی (rrhetoric figure of peechs) بەکاردێت، کە هەریەکەیان واتای سەربەخی خۆی هەیە، ))٤، ئەوەی پەیوەندی بە چەمکی رشەوانبێژی و پێناسەیەکی گونجاوەوە هەیە، بێگومان زانایانی بواری ڕەوانبێژی، هەر یەکە و بەجۆرێك پێناسەیان بۆ کردووە و لێکدانەوەی تایبەتییان بۆ کردووە، چونکە هەریەکەیان بەجۆرێك لێی گەیشتون و وەریانگرتووە، کەجیاوازە لەگەڵ کەێکی تردا، ڕەوانبێژی چەمکی ئامۆژگاری ئەو باوکەیە، کەبۆ قسەڕەوانی کورەکەی دەڵێت ((قسە بگێژە، بیبێژە، بیوێژە)) ٥، واتا ئەگەر ویستت قسە بکەی، دەبێت وەك چۆن گەنم لە پێشدا لە سەرەن دەدرێت، بۆ ئەوەی گەنمەکە پاك ببێتەوە، بە هەمان شێوە قسە پێش ئەوەی لە دەم بێتە دەرەوە دەبێت پاك و پوختە و جوان بکرێت ئنجا ببێژتری، هەر لەم بارەیەوە عەزیز گەردی دەڵێت : ((هەر قسەیەك کە ئەوترێت، یان هەر نوسینێك کە ئەنوسرێت، ئەوکاتە ئەکەوێتە ژێر ئالای ڕەوانبێژی و دەنگ

دەداتەوە، کەبچێتە دڵی گوێگرو گوێگر بخاتە سەر هەست و سۆزێکەوە کە هی قسە کەرە))٦، بەپێی ئەم پێناسەیە ڕەوانبێژی زۆرترین کاریگەری لەسەرگوێگربەجێ دێڵێت، هەر سەبارەت بە پێناسەی ڕەوانبێژی جاحظ دەڵێت: ((ڕەوانبێژی بریتییە لە پێیەکانی واتا و خستنە رووی مەبەست بەبێ زێدەڕۆیی و کورتکردنەوە))٧، کەواتا ڕەوانبێژی بەپێی ئەم پێناسەیە بریتییە لە بەکارهێنانی زۆرترین مەبەست بەکەمترین وشە، لاهارپ یش سەبارەت بەڕوانبێژی دەڵێت : ((ڕەوانبێژی دەربڕین و گوزارشت دانەوەی ڕاستی و پەسندە بەواتای گوزارەی ڕێك و دروست، لەبۆتەی وشەی لێوەشاوەدا))٨، هاڕونە ڕەشید یش لەوبارەیەوە دەڵێت : ((دورکەوتنەوەیە لەدرێژبڕی و نزیك بوونەوەیە لە مەبەست و گەیاندنی واتا بەوشەی کەم و واتاداری زۆر))٩ .

بەتێڕوانینمان بۆئەوپێناسانەی سەرەوە و ڕای زۆریك لە شارەزایانی بواری ڕەوانبێژی لای زۆرێك لە میللەتان، ڕەوانبێژی بریتییە لە دەربڕین و گەیاندنی زۆرترین واتا بەکەمترین وشە، لەگەڵ گەیاندنی واتا و مەبەست بە شێوەیەکی پاك و بێ گرێ و دوورکەوتنەوە لە لێڵی.

## بەشی یەکەم

## پاری دووەم : ڕوونبێژی

زانستێکی گرنگ و پڕبایەخی هونەرەکانی ڕەوانبێژییە، بەجۆرێك لە پاڵ هونەرو زانستەکانی جوانکاری و واتاناسی دا ڕەوانبێژی تەواو دەکەن، لە ((زانستی ڕەوانبێژی کۆندا بە هەرسێ بەشی واتاناسی و جوانکاری و ڕونبێژی، وتراوە روونبێژی ئەمیش لە ڕوانگەی ناونانی گشتی بەناوی بەشێکەوە بەکارهێنراوە))١٠، لەڕووی وشەشەوە روونبێژی وشەیەکی لێکدراوە، پێکهاتووە لە وشە (ڕوون) کە ((سیفەتێکە تایبەتە بەناو کاتێك دەگوترێت (ئاوێکی ڕوونە) واتا بێ گەردە و چ تۆز و خۆڵ و پیسییەکی تیدا نییە))١١، بێگومان لە کۆنەوە گەڵك پێناسەی جۆربەجۆربۆ هونەری روونبیچژی کراوە، وەك ئاشکرایە لە زانستی ڕەوانبێژی کۆندا بە هەر سی زانستەکەی ڕەوانبێژی ووتراوە ڕونبێژی، بەڵام دواتر ئەم چەمکە گۆڕانکاری بەسەردا هاتووەوڕوونبێژی وەکو زانستیکی سەربەخۆ لە پاڵ جوانکاری و واتاناسیدا تەماشاکرا، ! هەڵبەتە ئەمیش چەند هونەرێکی گرنگ لەخۆدەگرێت لەوانە، لێکچواندن و خواستن و درکە، بێگومان هونەری خواستنیش کەلە ئێستادا بەدیارترین

هونەری ڕوونبێژی دادەنرێت، وەك جۆرێكی سەرەكی هونەری خوازە كە لەپاڵ خوازەی زمانەوانیدا دێت، سەبارەت بەزاراوەی (البیان) لەقورئانی پیرۆزدا، هاتووە ((الرحمن، علم البیان، خلق الانسان، علمه البیان))١٢، دیارە دانەری ئەم زانستەش ابو عبیده معمر بن المپنی بووە، كەلەكتێبی الاعجاز القران، ئاماژەی پێكراوە، دواتر عبدالقادر الجرجانی لێكۆڵینەوەی زیاتری لەبارەوەكرد، جاحف سەبارەت بە ڕوونبێژی دەڵێت : ((ڕوونبێژی ناوێكە هەمووئەوشتانە دەگرێتەوە كەو واتای شاراوەت بۆ ئاشكرا دەكەت))١٣، دیارە بەپێی ئەم پێناسە بێت روونبێژی ئەركی ئاشكراكردنی واتاشاراوەكانی نێودەقی ئەدەبی دەكەوێتە سەر، لەم پێناسەیەشدا دەڵێت : ((كۆمەڵەیاسایەكە تێیدا دەربڕینی یەك واتامان بەچەند ڕێكەیەكی جیاواز دەست دەكەوێت))١٤، هەروەها لە كتێبی (الگراز) دا، ڕاوبۆچونی شیخ عبدالكریم هاتووە سەبارەت بە روونبێژی و دەڵێت : ((وێنا كردنی راستەقینەی شتێكە تاواتلێدەكات وادەزانی شتیكەو تەماشای دەكەی))١٥، لەم پێناسەیەشدا یەكێك لەئەركەسەرەكییەكانی ڕوونبێژی كە وێنەكێشانە و پیشاندانی بابەتە هەستپێكراوەكانی نێودەق دەخاتە ڕوو، دەتوانین بڵێین ڕوونبێژی دیارترین و بەهێزترین زانستی ڕەوانبێژییە، كەخۆی لەكۆمەڵێك یاسای دیاریكراو دەبینێتەوە كەشارەزایانی ڕەوانبێژی لەسەری ڕێك كەوتوون .

## بەشی دووەم

## پاری یەكەم : لێكچواندن

ئەم هونەرەلەهونەرەدیارەكانی ڕوونبێژی دەژمێردرێت، ((ئاسانترین جۆری ئەوپێكهێنەرە ڕەوانبێژییانەیە، كەوینە بنیات دەنێن، شاعیریش زیاتر سەربەست دەبێت و مەودایەكی فراوانتری لەبەردەمدا دەكرێتەوە))١٦، ئەم پێناسەیەی سەرەوە دەمانگەیەنێتە ئەو باوەڕەی كە، لێكچواندن سەرەتاییترین هونەرێك بێت كەنەك هەر لەشیعردا، بەڵكە لە زمانی ڕۆژانەی ئاسایی خەڵكدا لەكاتی ئاخاوتندا بەكاردێت، ئەمیش بەهۆی ئەو ئەركە گەورەیەی كە هەیەی بۆ ڕوونكردنەوەی شتەكان، لانی كەم دیارخستنی سیفات و لایەنێكی شتێك بەشتێكی تر، گەلێك پێناسەو ئاماژە بۆ ئەو هونەرە كراوە، دیارە زۆربەشیان بەدەوری یەكدا دەخولێنەوە، بۆ نمونە هەر لە پێناسەی لێكچواندندا هاتووە ((كۆنترین وێنەی ڕوونبێژییەو كەرەستەی خەیاڵە، هەروەها لەهونەرەكانی تری ڕەوانبێژی ئاسانترە بۆ

تێگەیشتن، ئەم هونەرە وەك هونەرەکانی تر بەگەڵك قۆناغدا تێپەڕیووە و پێشکەوتووە و بۆتە هونەرێکی دیاری ڕوونبێژی))١٧، یان لە پێناسەیەکی ترداهاتووە دەڵێت :: ((یەکێکە لەبنەڕەتە سەرەکییەکانی ڕونبێژی و لەهەموو هونەرەکانی تر زیاتر بەکارهاتووە، چ لەشعری فۆلکلۆری کوردی و چ لە شعری هەر شاعیریکدا، چونکەکاتێك شاعردەیەوێت گوزارشت لەشتێك بکات، زۆرجارپەنابۆچواندن دەبات، مەرج نییە هەموو جۆرە وێنەیەك لەدیوانی شاعیراندا هەبێت، بەلاّم هیچ دیوانێکی شاعیران نییە ! بێ وینەی لێکچواندن))١٨، کەواتە دەتوانین بڵێن لێکچواندن، شتێکی شاراوە بە شتێکی ئاشکرا دەچوێنێت، ! هەربۆیە دەوترێت لێکچواندن ((هۆیەکە لە هۆیە هەرەگرنگەکانی یارمەتی دان بۆ ئاشکراکردنی زمان))١٩ .

لێکۆڵەران و شارەزایانی بواری ڕەوانبێژی، بنەڕەتەکانی ڕەوانبێژییان بەم شێوەیە دەستنیشانکردووە ١/ لێچوو :: ئەوشتەیە کەسیفەتەکانی بەلای بەرامبەرەوە ڕوون نییە ! شاعیر دێت بە شتێکی تری دەچوێنێت ! کەبەلای بەرامبەرەوە ئاشکراو روونە !

٢/ لەوچوو :: ئەشتیە کەسیفەتێکی ئاشکرای هەیە و لای هەمموان ڕوونە !

٣/ ئەوزار :: ئامراز) : ئەمیش بنەڕەتێکی لێکچواندنە بەلاّم وەکو لێچوو و لەوچوو سەرەکی نییە

٤/ ڕووی لێکچواندن :: ئەوسیفەتەهاوبەشەیە ! کەلەنێوان لێچوو و لەو چوودا هەیە !.

شێخ نوری شێخ صالح یش بەوپێیەی دەستێکی باڵای شیعرنوسینی هەبووە و خاوەن توناو بەهرەیەکی باش بووە لەلەبەکارهێنانی هونەرەکانی ڕەوانبێژی دا، توانیویەتی لێزانانە زانستی ڕوونبێژی لە شیعرەکانیدا بەکاربهێنێت .

من لێرەدا هەوڵ دەدەم جۆرو چەشنەکانی لێکچواندن لای شێخ نوری بخەمە ڕوو.

جۆرەکانی لێکچواندن بەپێی هەبوون و نەبوونی بنەڕەتەسەرەکییەکان

یەکەم : **لێکچواندنی ڕەهای درێژ..**

ئەمیش ئەو لێکچواندنەیە کە هەر چوار ڕەگەزەکەی لێکچواندنی بەئاشکراتێدا بەدەردەکەوێت.

لەم بارەیەوە شاعیر دەڵێت :

دیسان دووچاوی سوری وەتەن بوو بەگۆمی خوێن

**فرمێسکی وەك فوارە لە دڵ هەڵقـــــــــــــــولاّوە ل١٤٥**

**لەم دێرە شیعرەدا تواناو دەسەلأتی شاعیر لەبەکارهێنانی هونەری لێکچواندنی ڕەهای درێژ بەدەردەکەوێت، شاعیر هەرچواربنەڕەتەکەی لَکچواندنی لێرەدا بەکارهێناوە .**

**فرمێسك ـــــــ لێچوو**

**وەك ـــــــ ئەوزارە**

**فوارە ـــــــ لەوچووە**

**هەڵقولاّن ـــــــ ڕووی لێکچواندن**

**یان لەم دێرە شیعرەدا دەڵێت :**

**ئەدەب لە ڕۆحی ئەودا چەشنی خوێن ئەهات و ئەچوو**

**وەك فوارە دڵ ئەڕژایە سەر پەڕەی دەفتـــــــــــــەر ل١٢٤**

**لێرەشدا وەك دەبینین شاعیر هەرچواربنەڕەکەی لێکچواندنی بەکارهێناوە و بۆتە هۆی دروست بوونی لَکچواندنی ڕەهای درێژ.**

**ئەدەب ـــــــ لێچوو**

**چەشن ـــــــ ئەوزار**

**خوێن ـــــــ لەوچوو**

**لەڕۆحی ئەودا دەهات و دەچوو ـــــــ ڕووی لێکچواندنە**

**ین لێرەدا دەڵێت :**

**بەهۆی تۆەبوو ئەی مەحبووبی حەق، مەحمودی ڕەبانی**

**وەکو غەزنە، بەچۆڵی مایەوە شاری سولێـــــــــــمانی ل١٤٣**

**شاعیر لەوەصفی مەلامەحمود دا، شاری سولێمانی بە غەزنە دەچوێنێ و هونەری لَکچواندنی ڕەهای درێژ بەشارەزایانە دروست دەکات**

**سولێمانی ـــــــ لێچوو**

**غەزنە ـــــــ لەوچوو**

**وەکو ـــــــ ئەوزار**

**بەچۆڵی مانەوە ـــــــ ڕووی لێکچواندن**

**دووەم :: لێچواندنی ڕەهای پەختە .**

مەبەست لەم جۆرە لیچكچواندنە، ئەوەیە كەڕووی لێكچواندن نەبێت، واتا سیّ بنەڕەتەكەی (لێچوو – لەوچوو – ئەوزار) هەیە و ڕووی لێكچواندن بوونی نییە .

شاعیر لەم بارەویەوە دەڵێت :

گاهیّ وەكو لافاوی چیا ڕوولەبیابان

وەك هەوری تەڕی بەهاران لە نزاران ل ١٦٨

لەم دێرە شیعرەدا شاعیر چەند جاریك و لە چەند شوێنێكی جیاجیا، دڵی خۆی بە شتی جیا دەچوێنێت، شاعیر لێكچواندنی ڕەهای پەختەی دروستكردووە، بەوەی رووی لێكچواندن نەهاتووە لەم دێرەدا .

دڵی شاعیر ـــــ لێچوو

لافاوی چیا + هەوری تەڕ ـــــ لەوچوو

وەكو +وەك ـــــ ئەوزارە

لەم دێرەشدا شاعیر دەڵێت :

لاگیرە بەسەریانەوە وەك ڕۆژی درەخشان

گەردانە لەملدا ئەبووە ماه و ستارە ل١٠٥

شاعیر وێنەیەكی هونەری زۆر جوانی لە ڕێگەی لێكچواندنی ڕەهای پوختەوە دروستكردووە.

بەجۆرێك (لیچچوو و لەوچوو ئەوزار) هاتووەو ڕووی لێكچواندن بوونی نی یە .

گەردانە + لاگیرە ـــــ لێچوو

ڕۆژی درەخشان + ماه و ستارە ـــــ لەوچوو

وەك ـــــ ئەو زارە

**سێیەم : لێكچواندنی جەختاوی پوختە :** ئەم جۆرە لێكچواندنە هەندیّ جار لێكچواندنی ڕەوانیشی پێدەوترێت، ((ئەو لێكچواندنەیە، تەنها لێچوو لەو چوو دەوتریّ و بەس)) ٢١، واتا لێرەدا تەنها بنەڕەتە سەرەكییەكان بوونیان هەیە ئەوزارو ڕووی لێكچواندن بونیان نی یە .!

شاعیر لەم دێرە شیعرەدا دەڵێت :

لەسەرچاوەی دڵەی سووتاوەوە لافاوی خوێنی گەش

بەتاڤگەی دیدەما ئەمڕۆبەخوڕدێ و بێ ئەمان ئەگری ل ١٣٨

شاعیر لەم دێرە شعرەدا لێکچواندنی جەختاوی پوختی خوڵقاندووە، ئەمیش بەهۆی ئەوەی لە دێرەکەدا تەنها (لیچچوو+ لەوچوو) بونیان هەیە، لە دێری یەکەمدا شاعر خوینی بە لافاو چواندووە، ! هەروەها لەم دێرەدا لەوچوو کەوتۆتە پێش لێچوو. دیسان شاعیر لە دێری دووەمدا هاتووە وێنەیەکی هونەری جوانی خوڵقاندووە و لافاوی خوێنی گەشی بە گریان چوواندوە

یان شاعر لەم دێرەدا دەڵێت :

بەهۆی میکرۆبی بیری چەوتەوە

ساری بوو خەلقی زۆر لێ کەوتەوە ل٢٩٢

شاعیر وینەیەکی هونەری جوانی دروستکردووە، لێکچواندنی رەهای دروستکردووە، ئەمیش بەهۆی چواندنی بیری چەوت بەمیکرۆب، بەجۆرێك شاعیر دەیەوێت ئەوەمان پێ بڵێت، کەچۆن میکرۆب سەرچاوەی دەردو بەلایە بۆ مرۆڤایەتی، بەهەمان شێوەش بیری چەوتیش، مرۆڤایەتی بەلاڕی بردندا دەبات، کۆمەڵگاش بەرەو ماڵ وێرانی دەبات .

یان شاعیر لەم دێرە شیعرەدا دەڵێت :

یاقەتی لەبت قوتی منی ڕووتە بەقوربـــــــان

ڕووت دەرخە کەبرواتشەو بێ و وەختی بەیان ل١٧٤

دەبینین شاعیر لێکچواندنی ڕەوانی بەشێوەیەکی هونەری جوان درووست کردووە، شاعیر هاتووە (لەب – لێو) ی یاری بە (یاقوت) چواندووە، کەسیفەتی هاوبەشی نێوان لیو و یاقوت لە ڕەنگە سورەکەیەتی، هەڵبەتە ڕەنگی سور لەیاقوت سیفەتێکی زاڵە، بەلاّم لە لێودا لاوازە، لێرەشدا لەوچوو پیچش لێچوو کەوتووە .

**چوارەم : لێکچواندن بەپێی هەستەکان و ژیری .**

ئاشکرایە کەپێنج هەستەکەی مرۆڤ بریتین لە (بینین – بیستن – بۆنکردن – تامکردن – بەرکەوتن)، مەبەستیش لە هەستی ئەوەیە ((کەبەر یەکێك لە پێنج هەستەکەی مرۆڤ بکەوێت، واتا لێرەدا هەردوو بنەڕەتی سەرەکی لێکچواندن (لێچوو + لەوچوو) هەستی دەبن))

٢٢، شاعریش بەوپێیەی خاوەن ئەزمونێكی بالآی شیعرییە توانیویەتی هەستەكان لە درووستكردنی وێنە شیعرییەكانی دا بەكاربهێنێت.

**١ – هەستی بینین :**

شاعر لە شعری شوشەدا دەڵێت :

شوشە چ بە شوشە، قەدی شوشە وەكــــــــو شمشاڵ

چاوی مەست و دەهێندە خەنچەو پڕعیشوەو لێو ئاڵ ل٣٢٨

لێرەدا دەبینین شاعر قەدی شوشەی چواندووە بە شمشاڵ، دیارە مەبەستی شاعر لە شوشە، شوشە كچە گاورێك بووە و جێی سەرنجی شاعربووە، لێرەدا هەردوو بنەڕەتەكە واتا (شوشە و شمشاڵ)هەستین و بەچاو دەبینرێن، شاعیر بە تێكەڵ كردنی هەستی بینین و بیستن و بەركەوتن وێنەیەكی هونەری جوانی دروستكردووە .

**٢ – هەستی تامكردن :**

لەم بارەیەوە شاعر دەڵێت:

عەرەق بەڕوومەتی تۆوە بەتینی گەرمی هەتاو

ئەڵێی گوڵە كە بەئــــــــاگر گوڵاوی لێ ئەتكێ ل ٣٣٢

لێرەدا شاعیر ویچنەیەكی هونەری جوان بەهۆی لێكچواندنی نێوان عەرەق و گوڵاو دروست دەكات، دیارە گوڵاویش مرۆڤ بەهۆی هەستی بۆنكردنەوە هەسی پێ دەكات .

**٣ – هەستی تامكردن :**

شاعر دەڵێت :

تابەكەی تاڵاوی ئەم زەهرەت بكێشم ڕۆژ و شەو

ئێش و ئازارت هەتاكەی كەیف و خۆشیم دیل ئەكات ل٣٨١

شاعر ژیانی پرش لە ناسۆری خۆی بە تامی تاڵاوی ژەهر چواندووە، بەمەش وێنەیەكی هونەری جوانی دروستكردووە، ژهرو تاڵاو بەرهەستی تامكردنی مرۆڤ دەكەوێت و هەستی پێ دەكات .

**٤ – هەستی بەركەوتن :**

خۆباسی حیلفی نەگبەتی بەغدا بكات یەكێ

**پشكۆی سوری ئاگره ئەینێته سەر زوبان ل ٢٥٢**

**دیاره شاعیر ڕكەوتن و هاوپەیمانی بەستنی لەگەڵ بەغدا دا چواندووه به پشكۆی ئاگر، پشكۆی ئاگریش بەر هەستی بەركەواتنی مرۆڤ دەكەویت و هەستی پێ دەكات . بەمەش وێنەیەكی هونەری واقعی خوڵقاندووەبەتێكەڵكردنی هەستی بینین و بەركەوتن**

**٥ – هەستی بیستن :**

**لەو بارەیەوه شاعر دەڵێت :**

**شنەی با هەروەكو نەی، نەغمەی پەروازی مەقاماته**

**هەزاران ناڵەی زاری لەناو ئاه و ئەنیـــــــــــــــــایه ل٣٠٢**

**شاعر وینەیەكی هونەری خوڵقاندووه به هۆی هونەری لێكچواندووه، كاتێك شنەی با دەچوێنێت به نەغمەی نەی، دیاره ئەمیش بەر هەستی بیستنی مرۆڤ دەكەوێت .**

**جۆرەكانی لێكچواندن بەهۆی هەستی و ژیرییان**

**یەكەم : لێكچواندنی هەست به هەستی :**

**زێ بەلێڵی و سورییا دایم لەچاوی من ئەكا**

**ئەولێڵه و بەخوڕ دێ، ئەم تنوكەو دێته خوار ل ٤١١**

**لێرەدا شاعر ناوی (زێ)، چواندووه به ناناوی (چاوی) ی خۆی، كەهەردووكیان بەلێڵی و سورییەكەی بەیەكدەچن، هەردوو وشەكه ناوی بەرجەستەن و هەردووكیان هەستین.**

**دووەم : لێكچواندنی ژیری بەهەستی :**

**مونتەهای ئەم زوڵمەتی هیجرانه ڕۆژی وەصڵ ئەبێ**

**ئاخری نوری شەفەق ئەڕژێ لەهەردامانی شەو ل ٢٢٨**

**لەنیوەدێری یەكەمدا شاعر هیجرانی چواندووەبه زوڵمەت، ئاشكرایه وشەی هیجران وشەیەكی ژیرییه، ! تەنها لەناخ و بیرماندا دەتوانین هەستی پێ بكەین، بەڵام وشەی (زوڵمەت)، وشەیەكی هەستی یه و بەرهەستی بینین دەكەوێت.**

**سێیەم : لێكچواندنی ژیری بەژیری :**

**ئەم جۆره لێكچواندنه پێویستی به بەهرەو توانایەكی زۆرهەیه، كەهەردوولای چواندنەكه ((واتای هەردوولای چواندنەكه بەهۆی هیچ كام لەهەستەكانەوه دركی پێ**

ناکرێت، بەڵکو بەهۆی لەڕێگەی عەقڵ و ئاوەز و ژیرییەوە، وەك چواندنی زانست بەژیان و نەزانین بەمردن))٢٣،

لەم بارەیەوە شاعر دەڵێت :

بنوسە تۆش لەخوێنی دیدە ساڵی مەرگی شێخ مەحمود
کەڕۆژێك بوو لە ئـــــــاسۆی کورد و کوردستان ئاوابوو ل١٣٥

لێرەدا شاعر وێنەیەکی هونەری جوانی خوڵقاندووە، شاعر هاتووە لێکچواندنی ژیری بەژیری دروستکردووە، لەنێوان وشەکانی (مەرگ و ئاوابوون)، کەهەردوو وشەکە وشەی ژیریین .

چوارەم : لێکچواندنی هەستی بە ژیری .

درەخشانە بروسکەی هەوری ئەمڕۆ
وەکو ئاهی شەوی زنـــــــــــدەداران ل٢٠٠

شاعر لە ڕێگەی لێکچواندنی هەستی بەژیری وێنەیەکی هونەری جوانی دروستکردووە، لەنێوان دەستەواژەی بروسکەی هەور کە دەستەواژەیەکی هەستی یە ! لەگەڵ دەستەواژەی (ئاهی دڵ) کەلەعەقڵ و ژیری مرۆڤدایە .

دابەشکردنی لێکچواندن بەگوێرەی دروست بوونیان

**یەکەم : لێکچواندنی وێنەیی ....**

ئەو لێکچواندنەیە کەتیایدا وێنەیەك بە وێنەیەکی تر دەچوێنرێت، هەروێنەیەکیش لەچەند وێنەیەك یان چەند چارچەیەك یاخود چەند لێچوو و لەوچوویەك پێك دێت، واتا ((لەجیاتی ئەوەی شتێك بەشتێکی تر بچوێنی، وێنەیەك بەوێنەیەکی تر دەچوێنی، مەبەستیش لەوێنەکە، ئەوەیە کەلەچەند پارچەیەك پێك هاتبێت))٢٤،

شاعر لەم بارەیەوە دەڵێت :

بەتەئسیری پەژارەی مەرگی قادربووســـــــــولەیمانی
وەکو بولبول لەدەووری گوڵ کەوتنە سەر شیوەن و زاری ل١٣٦

لەم دێرە شعرەدا شاعر پەنای بردووەتەبەر چواندنی وێنەی ڕووداوێك بەوێنەیەکی تر، دیارە وینەی ڕووداوی یەکەم مەرگی قادر ئاغایە، کەچ کاریگەرییەکی کردۆتە سەرخەڵکی

سولێمانی، توشی خەم و پەژارەی کردوون، شاعر بۆ ئەوەی وێنەکە زیاتر ڕوونبکاتەوە، هاتووە چواندوویەتی بە وێنەی بولبولی دوور لەگوڵ کە شیوەن و زاری دەکات . واتا شاعر دوو وێنەی جولاْو کەیەکەمیان (شیوەنە بە دەووری تەرمدا –) وێنەی دووەمیش (شیوەنی بولبولە لەدووری گوڵ)

**دووەم : لێکچواندنی نا ئاشکرا ...**

ئەمیش ئەو ((لێکچواندنەیە کەلێچوو لەوچوو ناخرێە ناو وێنەیەك لە وێنە ناسراوەکانی لێکچواندن، بەڵکو لە داڕشتندا ئاماژەیان بۆ دەکرێت))٢٥،

لەم بارەیەوە شاعر دەڵێت :

(نووری) لەم پێچ و خەمی زوڵمەتە نەجاتت زەحمەتە

لای سەخی تەبعان مەحاڵە ڕوخسەتی میـــــوانی شەو ل٢٢٨

لێرەدا شاعر بە شێوەیەکی نائاشکرا لێکچواندنەکەی دروستکردووە، لە نێوان (بەندبوونی لەنێو پێچ و خەم و زوڵفی یار و ڕۆژگار و نەبوونی، کە چواندویەتی بەوێنەی میوانی شەوی کەسێکی سەخی تەبیعەت، کەدیسان ڕزگاربوونی لێ ی مەحاڵە .

**سێ یەم : لێکچواندنی ئاوەژوو....**

مەبەست لەم لێکچواندنە ((ئەم لێکچواندنە پێچەوانەی لێکچواندنی ئاساییە، ! چونکە لێچوو لەوچوو جێگۆرکی دەکەن))٢٦، واتا لێرەدا لێچچوو و لەوچوو پاش و پێش بە شوێنی یەکدی دەکەن .

زێ بە لێڵی و سوریا دایم بە چاوی من ئەچێ

ئەو لێڵەو بە خوڕ دێ، ئەم تنۆکەو دێتە خوار ل٤١

لێرەداشاعر جێگۆرکی ی لە نێوان شوێنی لێچوو و لەوچوو کردووە، هاتووە لەبری ئەوەی چاوی خۆی پێش بخات و بیخاتە پێش (زێ) دوە، دەبیینین بەهۆی زاڵبوونی زێ لە سیفەتدا، زێ پێش چاوی شاعر کەوتووە .

## بەشی دووەم

## پاری دووەم : خواستن

خواستن یەکێکە لە هونەرە دیاروبەهێزەکانی ڕەوانبێژی، هونەرێکە، لەئەدەبیاتی رشۆژئاوادا گرنگی و بایەخی خۆی هەیە، لەچاو هونەرە شعری و زمانەوانییەکانی تردا، هەردەقێکیش ئەم هونەرەی تێدا بەکاربهێنرێت، بەردەوامییەك بە دەقەکە دەبەخشێت، چونکە ((مێتافۆڕبوونی دەق بەهای کراوە و چێژو ئیستاتیکا دەخولقێنێت، هەمیشە تەماشاکانی ئێمە بۆ خۆی گلدەداتەوەو هەڵدەگرێتەوە، والەدیدی ئێمە بەرامبەرخۆی دەکات کە پرۆسیسی هەڵکەندن و شۆربوونەوە لە هەناوی ئەودەقانە جێ بەجێ بکەین))٢٧، ئەم هونەرە لە بنەڕەتدا زادەو هەڵقولاوی هونەری چواندنە، بەلاّم بەجۆرێك کەخواستن پلەیەك بەرزترو زیاتریش ووردەکاری تێدایە، دەکرێت مەودایەکی فراوانتر ببەخشێتە شاعر بۆ ئامێتەکردنی ئەوشت و بابەتانەی توانای لێك نزیك کردنەوەیان هەیە، لەلایەکەوە یان لەچەند لایەکەوە لەیەك دەچن یان بەوجۆرەی شاعردەیەوێت لێکیان نزیك بکاتەوە، جاحف لەبارەی خوستنەوە نوسیویەتی و دەڵێت : ((ناونانی شتێکە بەشتێکی تر ئەگەر جێگای گرتەوە))٢٨، دیارە ئەم پێناسەیە تائەندازەیەکی باش سنوردارکردنی تێدایە، ئەمیش بەهۆی وشەی (ئەگەر)ەوە، چونکە ئەگەر خوێندنەوەکەمان ئێستایی بێت، ئەوە جێگەگرتنەوە مەودایەکی دیاریکراوی نی یە، ! بەتایبەتی تر لەشعردا، چونکە فراوانکردن و ناونانی وشەیەك بەوشەیەکی تر، بە گوێرەی خەیاڵی شاعرەو ڕێگرییەکی وەها نی یە بۆ دروستکردنی هەر جۆرە خواستنێك، سکاکیش لە کتێبی مفتاح العلوم دا دەڵێت : ((خواستن ئەوەیە ناوی لایەکی دوولاکەی چواندن بهێنیت و مەبەستیش لاکەی تربێت، وەهاپیشان بدری کە چوێنراو و چوێنەر ڕەگەزی پێچوێنراوە و تایبەتییەکانی پێچوێنراو لە چوێنراودا بەدەر بخەی))٢٩، هەڵبەتەئەمەش زیاتر لەخواستنێکی ئاشکرا نزیك دەبێتەوە لەوەی خواستنێکی گشتی بێت .

لەناوکوردیشدا هەروەکو زۆرێك لەمیللەتان، نوسەران و ڕەخنەگرانی ئەوبوارە جێگای دەستیان دیارەو کارەکانیان جێکەوتێکی هەیە، لای خۆیانەوە هەریەکێك بەجۆرێك پێناسەی خواستنی کردووە، مامۆستا عەلائەدین سجادی لەبارەی خواستنەوە دەڵێت : ((خواستن ئەوەیە کەوشەیەك لە شتێکدا بەکارهێنراوە، کەئەوشتە چوێنراوە بەگوزارە))٣٠، هەر سەبارەت بەم هونەرە مامۆستا عەزیز گەردی دەڵێت : ((خواستن بریتییە لەبەکارهێنانی وشەیەك بۆدەربڕینی واپەکی تر، بیجگە لە مانای دروستی وشەکە، بەمەبرجێ پەیوەندی نێوان واتای دروست و مانای خوازەیی وشەکە وێکچوون هەبێت))٣١، بەتێروانینمان بۆ

سەرجەمان پێناسەکانی سەرەوە دەوتوانین بڵێین خواستن بریتییە لە بەکارهێنانی وشەیەك لە بری وشەیەکی تر، بۆ جگە لەواتای ڕاستەقینەی خۆی، بەمەجێك پەیوەندییەك یان چونییەکییەك لەنێوانیاندا هەبێت، بنەڕەتەکانی چواندنیش بریتین لەمانەی خوارەوە لەمانە پێك هاتووە ((بۆ خواستراو، لێ خواستراو، نیشانەیەکی وشەیی یان واتایی .

**خواستن بەپێ ی هاتن و نەهاتنی لێخواستراو یان بۆ خواستراو جۆرەکانی**

یەکەم : خواستنی ئاشکرا :لەم جۆرەیاندا تەنها (لێخواستراو) واتا لەوچوو هەبێت و (بۆخواستراو) بەهۆی نیشانەیەکی خواستنەوە دەستنیشان دەکرێت .

شاعر لەم بارەیەوە دەڵێت :

دایگرن توخوا فرێی بدەن بیخەنە تەندوورەوە

حەیفە ڕۆژی ڕوو، ئەنێنە ناو شەوی دەیجورەوە ل٤٣٤

لەم دێرە شعرەدا (شەوی دەجوور) خواستراوە بۆ (پەچە)، لەبەر پەیوەندی لێکچوونی نێوانیان، چونکە (پەچەو شەوی دەیجوور) هەردووکیان تاریك و ڕەشن.

خواستراو ___________ شەوی دەیجوور

بۆخواستراو ________ پەچە

نیشانەی خواستن _______ ڕوو

یان شاعر لێرەدا دەڵێت :

بۆ بەشی ئێمە کفن بوو وا لە دنیاو ئاخیرەت

لێرە ڕەش، لەولاسپی، ببڕێ بە بالآمـــانەوە ل٤٣٤

لێرەدا شاعر وشەی (کفن) ی بەکارهێناوە، جارێك بە ڕەنگە ڕەش و جارێك بە ڕەنگی سپی، ئاشکراشە کفن تەنها ڕەنگ سپییە، کاتێك لەمردندا بەبالآی مرۆڤدا دەئالێنرێت، کەچی دەبینین شاعر دەڵێت : لێرەشدا (ڕەش)، واتا مەبەستی لەوشەی (کفن)، لەم دنیادا خواستراوە بۆ وشەی پەچە، ئەوەی ڕێگری دەکات لەوەی کە وشەی کفن بۆ واتای درووستی خۆی بەکاربێت بریتییە لە وشەی ڕەش، چونکە کفن هیچ کاتێك ڕەش نی یە، ! بەلآم شاعر ئاماژە بەوە دەکات، کە پەچە وەکو کفن وایە و ڕووخساری مروڤی پێ دا دەپۆشرێت .

خواستراو _____ کفن

بۆخواستراو ____ پەچە

نیشانەی خواستن ____ ڕەش

یان شاعر لێرەشدا دەڵێت :

دایم بە گڕی ئاگری تۆ سینە كەبـــــابم

چاوم لەغەم و میحنەتت فرمێسك ئەڕژێنێ ل ١٨٥

شاعر (گری ئاگری) خواستووە بۆ خەم و خەفەتی قەتیس ماوەكانی ناخی خۆی، وە بە شێوەی خواستنی ئاشكرا دەربڕێت و وێنەی یەكی هونەری جوانی خوڵقاندووە .

**دووەم خواستنی شاراوە :**

ئەم جۆرە خواستنە كە هەندێ جاریش خواستنی دركاوی پێ دەوترێت، كەلێرەدا ((خوازراو دەرنەكەوتووە، تەنها دركانێكی بۆ كراوە بەیەكێك لە پەیوەستەكانی یان خاسێتێك لە بۆ كراوە بۆ لێ خوازراوەكە بەهۆی پەیوەندییەك یان خاسێتێكی))٣٢، ئەم خواستنە شاردنەوەی واقع و ڕاستییەكانە، چونكە شاعر پەیوەندییەك دەردەكات بوونی نییە و پێ ی دەوترێت وەهم ..... خواستنی شاراوە پێچەوانەی خواستنی ئاشكرایە، لەڕووی هاتن و نەهاتنی لێ خوازراو و بۆ خوازراوەوە .

بۆنمونە شاعر دەڵێت :

ئەم شەو بەیادی تۆوە نەنوستم هەتا بەیان

لێم هاتە گفتوگۆ قەڵەمی تیژی دووزووبان ل٣٧٦

شاعر بەڕێگای خواستنی شاراوەوە وێنەیەكی فرە جوانی خوڵقاندووە، ئەوەی كە خوازراوە بۆ قەڵەم وێنەی مرۆڤە، بەڵام دەبینین بە ئاشكرا ناوی نەهاتووە، بەڵكو بەهۆی خواستنی شاراوەوە وێنەی مرۆڤی خواستووە .

یان ئەگەر لەم دێرە شعرە بڕوانیین ....

هەر كە ڕووی تۆی دی ئیرادە بەیعەتی كرد ئافتاب

تورەیی موشكینی تازەی كردەوە ئیـــــــمانی شەو ل٢٢٧

شاعر لەم دێرەدا هەستی بینین و ئیرادەی بەیعەتی داوەتە پاڵ (ئافتاب)، بێگومان ئافتاب مرۆڤ نی یە، تاكو ئەو كارانە بكات، بۆیە شاعر وشەی ئافتابی خواستووە لە شوێنی كەسێك

بە ڕێگەی خواستنی شاراوە، هەروەها لەبارەی شەویشەوە ! کە ئەویش (تورەیی موشکینییە)، واتا پرچی موشکینییە، ئەمیش وێنەی کچێکی بۆخواستراوە بۆ (شەو) بەلاَم هەر لەبنەڕەتدا بەشاراوەیی هاتووە .

یان شاعر لەم دێرەدا دەڵێت :

نێژرا سروورم خەم سەری دەرهێنا لە خاك

خەو کەوتە چاوی خۆشی و هەڵسا لەخەو کەدەر ل ١٣٣

لە نیوە دیاری یەکەمدا خواستنی شاراوە بەدی دەکرێت، لێرەدا وشەی (ڕووەك) خواستراوە بۆ (نێژرا) و سەری دەرهێنا لە خاك، هەردووکیان نیشانەی خواستنن چونکە سروور نانێژرێت، هەروەها خەمیش سەردەرناهێنێتەدەر لە خاك، لەنیوەدێری دووەمدا (خەو کەوتە چاوی خۆشی) و (هەڵسا لەخەو کەدەر) هاتووە، بێگومان خەوکەوتنە چاو و هەڵسان لە خەو کاری و کردەوەی مرۆڤە، کەواتە بەهۆی ئەم قەرینانەوە بۆمان دەردەکەوێت کەوشەکانی (خۆشی) و (کەدەر) خواستراون لە بری مرۆڤ .

یان شاعر دەڵێت :

مەگەر خەمێ کەلەناکاو ڕژایە لادێ و شار

بەکارەساتی وەفاتی ئەدیبـــــــــی دانشور ل١٢٣

لەم دێرە شعرەدا، شاعر کرداری (ڕژان) ی، داوەتە پاڵ (خەم)، ئاشکرایە کە خەم شلە نی یە تاکو بڕژێت، ! واتا لێرەدا نالۆژییکییەك بەدی دەکرێت، لە نێوان خەم و کرداری ڕژان، چونکە واتای دروستی کرداری ڕژان خواستراوە بۆ کرداری توشبوون و تەنها لێخواستراو دەرکەوتووە، خواستنەکەش لە نێوان کرداردا ڕووی داوە .

## بەشی دووەم

## پاری سێیەم : درکـــــە: (الکینایە)

ئەم هونەرە یەکێکە لە گرنگترین کۆڵەکەکانی هونەری ڕوونبێژی، لەپاڵ هونەری چواندن و خواستن دا، درکە هونەرێکی واتایی قوڵەو لە ئاستێکدایە، لێکدانەوەی ئەم هونەرە پێویستی بە پاشخانێکی کەلتوری و زمانی گرنگ هەیە، چونکە درکە جۆرە هونەرێکی واتایی و زمانی تێدا بەکاردێت، لە میللەتێکەوە بۆ میللەتێکی تر و لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر و

تەنانەت جاری واهەبووە لە سەردەمێكەوە بۆ سەردەمێكی تر گۆڕاوە، سەبارەت بە پێناسەی دركەش لێكۆڵەران هەریەكەو بەجۆرێك لێكدانەوەی بۆ كردووە ! دركە بریتییە لە وەی ((شتێك بڵێیت و مەبەستت شتێكی تر بێت))٣٣، بێگومان ئەمە كورترین و سادەترین پێناسەی دركەیە، هەروەها لە زمانی فارسی یشدا ئەم هونەرە وەكو هونەرێكە بەرز تەماشاكراوە ! یەكێك لە دیارترین ڕەوانبێژی ناسانی ئەو ئەدەبە كە (كەزازی) یە، دەڵێت : ((شاردنەوەی ئاشكرایەتییە لە ئاخاوتن دا، چونكە لەبری ئەوەی قسەكەر یان شاعر ئەندێشەكەی خۆی بە شێوەیەكی ئاشكراو بەیەكجار لەقسەكانیدا بگونجێنێت و بە ڕوونی دەریببڕێت، دێت لە دركەدا حەشاری دەدات، بەشێوەیەكی نادیاروپۆشراو لەقسەكانی دا دەیهێنێتەوە))٣٤.

لە ئەدەبیاتی كوردیشدا، هەر یەك لەمامۆستایان عەلائەدین سەجادی و عەزیز گەردی ڕاو بۆچونی تایبەتییان هەیە سەبارەت بە دركە، سەرەتا مامۆستا عەلائەدین دەڵێت : ((ئەگەر شتێك لە ئارادانە بوو كە وشەكە ببڕێ بەسەر كوزارە ڕەسەنی و نەژادیەكەدا ئەوەدركەیە))٣٥، بەلێكدانەوەمان بۆ پێناسەكانی سەرەوە دەگەینە ئەوڕاستییەی كە دركە بەكارهێنانی وشەیە لەبری وشەیەكی تر و زانایان بنەڕەتەكانی دركەیان كردووە بەسێ بەشەوە، كە، خوی لەمانەدا دەبینێتەوە، دركپێكراو، درك بۆكراو، نیشانە .

ئەم هونەرە بە شێوەیەكی لێهاتوانە لە لایەن شاعرەوە بەكارهاووە،

**یەكەم : دركە لە سیفەتدا (الكنایە فی الصفە) :**

ئەم جۆرەیان وادەبێت، كە دركەكە سیفەتێكی دیاریكراوی كەسێك یان شتێك بدركێنێت، وەكو سیفەتی، ئازایەتی، باشی، گەرمی ....هتد .

بۆ نمونە شاعر دەڵێت :

بۆ دەفعـــــــــــی مە زاڵم بۆ مەوانیع مەكە پەرهێز

سادەس بەرە شیر و تفەنگ و خەنجەری خوێنرێژ ل٦٢

شاعر نە هاتووە ڕاستەوخۆ باسی جەنگ بكات، بۆ نەهێشتنی ناداد پەروەری و یەكسانی، كە لەراستیدا پێویستی بە تێكۆشانە، هاتووە لە نیوە دیری دووەمدا دەڵێت : دەست بدەنە تیرو شمشێرو تفەنگ، بۆ ئەوەی جەنگ بەرپا بكەن و دادپەروەری بچەسپێت .

یان لێرەدا شاعر دەڵێت :

**بۆ قەترەیە ئاو لەتینودا خنکای**

**بۆ لوقمەیە نانی جۆودۆ داماوی ل٢٢٠**

**یەکێك لە بنەڕەتەکانی هەژاری برسێتییە ! بەلاَم شاعر ڕاستەوخۆ ناوی هەژاری نەهێناوە بەڵکو بە شێوەی درکە لە بنەڕەتدا دایڕشتووە و وێنەیەکی درکەیی جوانی دروستکردووە !**

**یان لەم دێرە دا دەڵێت :**

**یەعنی چیهرە ڕەنگین بە شان و ڤەفەر**

**خوێنی دوژمن بڕژێنن بەنوکی خەنجەر ل٦٤**

**شاعر زۆر شارەزایانە ئەیەوێت پێمان بڵێت : دوژمن بکوزن و لە ناوی ببەن، بەلاَم نەهاتووە ڕاستەوخۆ وشەی کوشتن بەکاربهێنێت، بەڵکو سیفەتی کوشتنی باسکردووە کە خوێن رشتنە، بەمەش وێنەیەکی هونەری جوانی خوڵقاندووە لە ڕێگەی درکەوە .**

**دووەم : درکە لە وەصفدا، الکنایە فی الوصف)**

**لێرەشدا سیفەتێك یان چەند سیفەتێك دەوترێت، کەتەنها لەیەك شتدا هەن، بەهۆی ئەو شتانەوە دەگەینە خاوەنی سیفەتەکانی .**

**شاعر لەم بارەیەوە دەڵێت :**

**بەدەستی قودرەتی حەق چیهرەی ڕازاوەتـــــــەوە**

**ڕۆحی شاعیر هەموو رشەقسان و فیدای چەمەنە ل ٢٠٧**

**شاعر لە نیوە دێری یەکەمدا دەڵێت بە دەستی قودرەتی حەق، کەمەبەستی لە تواناو دەسەلاَتی پەروەردگارە (خوایە)، بەلاَم بەڕاستەوخۆ نەیگوتووە، بەلچکو لەڕیچگەی سیفەتێکەوە ئەو توانایەی گەیاندووە، چونکە لەراستی دا هەر خودا خاوەن قودرەتی حەقەومرۆڤەکانی خوڵقاندووە، بێگومان ئەم وێنانەش بەهۆی درکەوە دروست بووە .**

**یان لێرە دا شاعر دەڵێت :**

**نامەکەت گەییە دەست فەخری هەموو ئەهلی ولاَت**

**بووبەشانامەی هەر مەجلیس و بەزم حەفەلات ل٣٦٥**

**شاعر ئەم شیعرەی بۆ علی کمال نوسیووە، ! دیارە ئەویش لای خەلّك جێ ی فەخر بووەو خەلّك ڕێزێکی زۆریان لێگرتووە، لەدێری یەکەمدا شاعر دەلّێت نانەکەت گەییە دەست فەخری هەموو ولاّت، کەمەبەسی علی کمالە، بەلاّم ڕاستەوخۆ ناوی نەهێناوە، بەلّکو لەڕێگەی درکە لەوەصفدا ئاماژەی پێکردووە .**

**سێییەم :: درکە لە هاوگیری دا (الکنایە فی النسبە)**

**ئەم جۆرەش هەر سیفەت دەگرێتەوە، بلاّم لێەدا سیفەتەکە بەراستی و دروستی دەوترێت، ئەوەندە هەیە بەهۆی وەسیلەیەکەوە دەدرێتە پالّ مەوسوف، نەکو راستەوخۆ!**

**شاعر لەم بارەیەوە دەلّێت :**

**ڕێك بەقەد سەرتە کلاّوی کەرەم ئەفسەری جود**

**خشت بەقەد قامەت و بالاّتە کەوای حەسەنات ل ٣٦٧**

**هەلّبەتە ئەم دێرەش لەوەسفی عەلی کمال دا نوسراوەتەوە، بەلاّم شاعر راستەوخۆ وەسفە نەکردووە هاتووە وەصفی کلاّو کەوای بەگی کردووە، بەمەش سیفەتی بەخشندەیی دراوەتە پالّ عەلی کمال.**

## ئەنجام

١ – شیخ نوری بەوپێیەی شیعرەکانی بە هەرسێ قۆناغی کۆن و گواستنەوەو نوی دا تێ پەڕیوە، بەشێك لە شیعرەکانی لەسەر بنەماو سیفەتەکانی ڕەوانبێژی بنیات نراوە، بەجۆرێك زۆرێك لە شیعرەکانی بەهۆی لایەن و هونەرەکانی ڕوونبێژییەوە خولقێنراوە.

٢ – لێکچواندن پانتاییەکی فراوانی شیعرەکانی شێخ نوری داگیرکردووە و بەشێکی زۆری وێنە هونەرییەکانی پێ خولقاندووە .

٣ – ئەگەر لەناوەڕۆکی شیعرەکانی شێخ نوری وورد بینەوە، دەگەینە ئەو ڕاستییەی کە شاعر هەموو ئەو سیفات و مەبەستە خواستنانەی بەکارهێناوە کەبۆ دروست بوونی وێنەیەکی خواستن پێویستن .

٤- درکە لە شیعرەکانی شیخ نوری دا، وەکو لایەنێکی ڕوونبێژی پەیوەست بووە.

## پەراوێزەکان

١- شێخ محەمەدی خاڵ، فەرهەنگی خاڵ، چ١، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێە، ٢٠٠٥، ل٢٢٧
.
٢- فازل نیزامەدین، فەرهەنگی ئەستێرەگەشە، چ٢، چاپخانەی الفنون، ١٩٩٠، ل٢٧٣.
٣- زانایاسین عبید، جوانکاری لەشعرەکانی حەمدی دا، نامەی ماستەر، ك پەروەردە، زانکۆی ڕاپەڕین، ٢٠١٦، ل٥.
٤-هەژارفقی سلیمان، روونبێژی لای مەحوی، چ١، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی، ٢٠١٤، ل٦.
٥- موحسین احمد مستفی، بەهاری ڕەوانبێژی، چ١، نارین، هەولێر، ٢٠١٣، ل ١١ .
٦- عەزیز گەردی، ڕەوانبێژی لەئەدەبی کوردی دا، بەرگی ١، چاپخانەی دار جاحف، ١٩٧٢، ل١٧ .
٧- زانایاسین عبید، جوانکاری لەشعرەکانی حەمدی دا، نامەی ماستەر، ك پەروەردە، زانکۆی ڕاپەڕین، ٢٠١٦، ل٧ .
٨- عەزیز گەردی، ڕەوانبێژی لەئەدەبی کوردی دا، بەرگی ١، چاپخانەی دار جاحف، ١٩٧٢، ل١٥ .
٩- ئیدریس عبدالله، جوانکاری لە ئەدەبی کوردی دا، چ١، سەردەم، سلیمانی، ٢٠٠٣، ل ٣.
١٠- عبدالسلام سالار عبدالرحمن، هونەری ڕوونبێژی لاشیعرەکانی نالی دا، ك زمان، ز. سلیمانی، ......، ل ٣٨.
١١- ئیدریس عبدالله، لایەنە رەوانبێژییەکان لە شیعری کلاسیکی کوردی دا، بەنمونەی حەمدی و حاجی قادرکۆیی، چ١، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولیر، ٢٠١١، ل٧٣.
١٢- قورئانی پیروز، سورەتی رحمان .
١٣- ابی عپمان عمر بن البحر(جاحف)، البیان والتبین، دارالکتب العلمیه، بیروت، ١٩٩٨، ص٦٨ .
١٤-محمد زرقان الفرح، الواچح فی البلاغه العربیه (المعانی – البیان-البدیع)، گ ١، دارالهبه والهدی، ١٩٩٦، ص٨١ .
١٥- عبدالحمید الهنداوی، الگراز المتچمن، جزو٣، المکتهالمصریه للگباعه والنشر، گ١، بیروت، ٢٠٠٢، ص٤ .
١٦- دڵشاد علی (د)، دیلان و تاقی کردنەوەی شعری، چ١، سەردەم، سلیمانی، ٢٠٠٧، ل١٧٠.
١٧- احمد المگلوب، البلاغه العربیه، گ١، مکتبه الزهراو، ١٩٨٠، ص١٧٣ .
١٨-رۆکانە گۆرگیل شعیا، ڕەوانبێژی لە شعری فۆلکلۆری کوردی دا، ل١٥ .

١٩- نوزت احمد عسمان، روونبێژی لەشعری کلاسیکی کوردی دا، بەنومەی مەلای جەزیری و نالی، نامەی ماستەر کۆلێژی زمان، زانکۆی صەلاحەدین، هەولێر، ١٩٩١ .
٢٠-عەزیزگەردی، ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردی دا، ب یەکەم، ڕونبێژی، چاپخانەی دار الجاحز، بغداد، ١٩٧٢، ل٣٦ .
٢١- عەزیزگەردی، ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردی دا، ب یەکەم، ڕونبێژی، چاپخانەی دارالجاحز، بغداد، ١٩٧٢، ل٣٧ .
٢٢-ئیدریس عبدالله، کۆ وانەکانی ڕەوانبێژی، چ١، چاپخانەی روژ هەلات، هەولێر، ٢٠١٤، ل١٥١ .
٢٣-زین کامل الخویسکی و احمد محمود، رۆی فی البلاغە العربیە، گ١، دارالوفاو، الاسکندریە، ٢٠٠٦، ص٢١ .
٢٤- هەژارفقی سلیمان، روونبێژی لای مەحوی، چ١، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی، ٢٠١٤، ل٩٠ .
٢٥- ئیدریس عبدالله، لایەنە رەوانبێژییەکان لە شیعری کلاسیکی کوردی دا، بەنمونەی حەمدی و حاجی قادرکۆیی، چ١، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولیر، ٢٠١١، ل٩٣ .
٢٦- سەردار احمد گەردی، لێکچواندن و ڕۆڵی لە دروستکردنی وێنەی هونەری لەشعرەکانی ئەحمەد موختار جاف دا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژمار (٥)، ٢٠٠١، ل ١١٤ .
٢٧-ستاری پیرداود، خوێندنەوەی مێتافۆر، دەزگای موکریان، چ٢، هەولێر، ٢٠١٠، ل١٠ .
٢٨- ابی عیمان عمر بن البحر(جاحظ)، البیان والتبین، دارالکتب العلمیە، بیروت، ١٩٩٨، ص١٥٣ .
٢٩- ابی یعقوب یوسف بن ابی بکر محمد بن علی السکاکیی، دار الکتب العلمیە، گ١، بیروت، ٢٠٠٠، ص١٥٣ .
٣٠- عەلائەدین سجادی، خۆشخوانی، چ١، چاپخانەی معارف، بغداد، ١٩٧٨، ل ٣٤ .
٣١- عەزیزگەردی، ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردی دا، ب یەکەم، ڕونبێژی، چاپخانەی دارالجاحز، بغداد، ١٩٧٢، ل٦٩ .
٣٢- دەریا جمال حەویزی، وێنەی ڕونبێژی لە کۆمەڵە شعری شەهید بەتەنیا پیاسەدەکات ی قوبادی جەلیل زادە، چ١، چاپخانەی کمال، سلێمانی، ٢٠٠٩، ل٢٠٢ .
٣٣- محمد احمد قاسم و محی الدین دیب، علوم البلاغە، گ١، موسسە الحدیپە للکتاب، لبنان، ٢٠٠٨، ص٢٤١ .
٣٤- میر جلال الدین الکزازی، بیان (زیبا شناسی سخن فارسی)، چ٩، نشر مرکز کتاب ماد، تهران، ١٣٨٩، ل١٥٦ .
عەلائەدین سجادی، خۆشخوانی، چ١، چاپخانەی معارف، بغداد، ١٩٧٨، ل٦١ .

٣٥- ئیدریس عبدالله، لایەنە رەوانبێژییەكان لە شیعری كلاسیكی كوردی دا، بەنموونەی حەمدی و حاجی قادركۆیی، چ١، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولیر، ٢٠١١، ل٩٣ .

**قورئانی پیرۆز .**

**سەرچاوەكان بەزمانی كوردی**

١ – ئازاد عبدالواحد، دیوانی شێخ نوری شیخ صالح، بەرگی ١، چ٢، ئاراس، هەولیر، ٢٠٠٨.
٢ - ئیدریس عبدالله، جوانكاری لە ئەدەبی كوردی دا، چ١، سەردەم، سلیمانی، ٢٠٠٣.
٣ - ئیدریس عبدالله، كۆ وانەكانی ڕەوانبێژی، چ١، چاپخانەی روژ هەلات، هەولێر، ٢٠١٤.
٤ - ئیدریس عبدالله، لایەنە رەوانبێژییەكان لە شیعری كلاسیكی كوردی دا، بەنمونەی حەمدی و حاجی قادركۆیی، چ١، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولیر، ٢٠١١.
٥ - دەریا جمال حەویزی، وێنەی ڕونبێژی لە كۆمەڵە شعری شەهید بەتەنیا پیاسەدەكات ی قوبادی جەلیل زادە، چ١، چاپخانەی كمال، سلێمانی، ٢٠٠٩.
٦ - دڵشاد علی (د)، دیلان و تاقی كردنەوەی شعری، چ١، سەردەم، سلیمانی، ٢٠٠٧
٧- رۆكانە گۆرگیل شعیا، ڕەوانبێژی لە شعری فۆلكلۆری كوردی دا، چ١، سەردەم، سلیمانی، ٢٠١٥
٨- ستاری پیرداود، خوێندنەوەی مێتافۆر، دەزگای موكریان، چ٢، هەولێر، ٢٠١٠ .
٩- شێخ محەمەدی خاڵ، فەرهەنگی خاڵ، چ١، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێە، ٢٠٠٥، ل٢٢٧ .
١٠- فازل نیزامەدین، فەرهەنگی ئەستێرەگەشە، چ٢، چاپخانەی الفنون، ١٩٩٠ .
١١ - عەزیز گەردی، ڕەوانبێژی لەئەدەبی كوردی دا، رونبیزی، بەرگی ١، چاپخانەی دار جاحڤ، ١٩٧٢ .
١٢- عەلائەدین سجادی، خۆشخوانی، چ١، چاپخانەی معارف، بغداد، ١٩٧٨.
١٣ - موحسین احمد مستفی، بەهاری ڕەوانبێژی، چ١، نارین، هەولێر، ٢٠١٣.
١٤ - هەژارفقی سلیمان، روونبێژی لای مەحوی، چ١، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی، ٢٠١٤ .

**سەرچاوە عەرەبییەكان :**

١ - ابی عپمان عمر بن البحر(جاحڤ)، البیان والتبین، دارالكتب العلمیە، بیروت، ١٩٩٨.
٢ - ابی یعقوب یوسف بن ابی بكر محمد بن علی السكاكی، دار الكتب العلمیە، گ١، بیروت، ٢٠٠٠.
٣ - احمد المگلوب، البلاغە العربیە، گ١، مكتبە الزهراو، بیروت، ١٩٨٠.

٤- زين كامل الخويسكى و احمد محمود، رؤى فى البلاغه العربيه، گ١، دارالوفاو، الاسكندريه، ٢٠٠٦ .

٥ - محمد احمد قاسم و محى الدين ديب، علوم البلاغه، گ١، موسسه الحديپه للكتاب، لبنان، ٢٠٠٨ .

٦ - محمد زرقان الفرح، الواچح فى البلاغه العربيه (المعانى – البيان-البديع)، گ ١، دارالهبه والهدى، ١٩٩٦ .

٧ - عبدالحميد الهنداوى، الگراز المتچمن، جزو٣، المكتبه المصريه للگباعه والنشر، گ١، بيروت، ٢٠٠٢ .

**سەرچاوەی فارسی :**

- میرجلال الدین الكزازی، بیان (زیباشناسی سخن فارسی)، نشر مركزكتاب ماد، چ٩، تهران، ١٣٨٩.

**نامە ئەكادیمییەكان :**

١- زانایاسین عبید، جوانكاری لەشعرەكانی حەمدی دا، نامەی ماستەر، ك پەروەردە، زانكۆی ڕاپەڕین، ٢٠١٦.

٢- عبدالسلام سالار عبدالرحمن، هونەری ڕوونبێژی لاشیعرەكانی نالی دا، ك زمان، ز. سلیمانی.

٣- نوزت احمد عسمان، ڕوونبێژی لەشعری كلاسیكی كوردی دا، بەنومەی مەلای جەزیری و نالی، نامەی ماستەر كۆلێژی زمان، زانكۆی صەلاحەدین، هەولێر.

**گۆڤارەكان بە زمانی كوردی :**

- سەردار احمد گەردی، لێكچواندن و ڕۆڵی لە دروستكردنی وێنەی هونەری لەشعرەكانی ئەحمەد موختار جاف دا، گۆڤاری زانكۆی سلێمانی، ژمار (٥)، ٢٠٠١.

## الملخص :

يتطرق البحث الموسوم بـ(علم البيان في قصائد الشيخ نوري الشيخ صالح) إلى إظهار مدى تطبيق الشاعر لمبادئ العلوم البيانية في أشعاره، إذ وضف الشاعر المبادئ البلاغية في قصائده معتمداً على أساليب بلاغية واضحة تنمو في أسس البلاغة والبيان.

ومن هنا تتفاوت النصوص فيما بينها من حيث اكتنازها ونقلها بالتعبير البلاغي، إذ يعد شيخ نوري شيخ صالح رائداً في الأدب وصاحب تجربة كبيرة وقدرة عالية في اختيار الكلمات في كتابة الشعر .

ويتكون البحث من مقدمة ومبحثين ونتائج البحث وقائمة بالمصادر المستخدمة، ففي المقدمة يذكر الباحث اسباب اختيار البحث وحدوده والمنهج المستخدم فيه، وفي المبحث الاول يتحدث عن مفهوم وتعريف البلاغة ويتحدث عن علم البيان وانواعه، أما المبحث الثاني فهو خاص بعلم البيان ولاسيما الفنون التى تدخل في أساليب علم البيان، ويتكون من(التشبيه والمجاز والكناية)، من فنون البيانية في أشعار الشيخ نوري، وفي الختام عرضنا نتائج البحث مع المصادر المعتمدة فيه .

## Abstract:

The purpose of this research is to identify the graphic values used by Sheikh Nouri in the poetry of Al-Sheikh Nouri ، in the poetry of Al-Ba'alib Hence ، the texts vary among themselves in terms of hoarding and conveying them in rhetorical terms. Shaykh Nouri Sheikh Saleh is a pioneer in literature and has a great experience and ability to choose klimat in writing poetry.The study consists of an introduction and two sections ، with the most important results and a list of proven sources and references.

The research consists of the introduction ، the two sections ، the results of the research and the list of sources used. In the introduction ، the researcher mentions the reasons for selecting the research and the limits of his research and the methodology used in his research. The first section talks about the concept and definition of rhetoric and speaks about the knowledge of the statement and its types. Especially the arts ، which are incorporated in the methods of epistemology ، and consists of (metaphor ، metaphor and metaphor) ، from the graphic arts in the poetry of Sheikh Nouri. In conclusion ، we presented the results of the research with the sources approved in the research.